# لە ساڵی رابردوودا زیاتر لە 569 ڕێژەی تەڵا ق و جیابوونەوە هەبووە لە سلێمانی بەهۆی دڵپیسی لەنێوان خێزانەکاندا

## ژنێك "بەهۆی ئەوەی زیاتر لە پەیوەندیەکی هەبوو لە گەڵ کچانی تردا بۆیە من نەمتوانی درێژە بە ژیانی ژن ومیردایەتی بدەم لەگەڵ پیاوەکەمدا"

**ڕێژین ئیبراهیم**
rezhen@maktoob.com

دڵپیسی نەخۆشیەکی کۆمەلآیەتیە کە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا بەدی دەکرێت، خراپترینیان  دڵپیسی نیوان ژن و پیاو وات تێکچوونی شیرازەی نێوان خێزانەکان بەمەش دەبێت کێشەیەکی سەرەکی لە ژیاندا‌و  زۆرجار  هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ لێك تێنەگەیشتنی نێوان کەسەکان ، تێنەگەیشتن بەو مانایەی‌کەرۆشنبیریەکی ئەوتۆیان نیە،لەگەڵ کەسی بەرامبەر ئەمەش هەندێك جار لە خێزاندا روودەدات بۆ نمونە لە نێوان ژن  ومێر، بەهەمان شێوەش  جۆرەها تەنەفوسات هەیە لە نێواندا بۆ نمونە رۆشنبیری سێکسی نیە لەنێوان خێزاندا ، زانیاریەکی ئەو تۆی نیە لە سەر  جەستەی خۆی ، زۆربەی توێژینەوەکان ئەوە دەردەخەن هەندێك جار لە رووی سێکسیەوە ئەو حاڵەتەدڵپیسیە رو دەکات هەندێك جاریش بەهۆی ئەوەی کە کاری سێکسی ئەنجام دەدەت ئەیش بەهۆی نەزانینیان یاخود تێنەگەیشتنیان لەیەکتری ئەمەش لەنێوان ژن و مێردد‌ا روودەدات، لەکۆمەڵگای خۆماندا ئەو حاڵەت  ئەتوانم بڵێم ئەونەخۆشیە زیاتر تەشەنەی کردووە  بەپێی ئەو ئامارانەی کە دەریان خستوە  سالآنە ریژەیەی تەلآق لە زۆر بووندا یە، بەمەش ئەو ئامارانە دەریان خستەوەکە  کە لەماوەی ساڵی رابردوودا چەندین حاڵەتی لێك جیا بوونەوە و تەلآق دان زۆر بووەو  کە لە ساڵی 2006دا زیاتر لە 569 ڕێژەی تەلآ قو جیابوونەوە هەیە لە نێو کۆمەلگادا،ئەمەش رێژە یەکی ئەوتۆ نیە لە سەر ئاستی پارێزگای سلێمانی بەڵکو رۆژانە بەدەیان  کەسی دیکە بەدەیان شێوازی دیکە ، کە لە رێگای ناپاسایەوە واتە لە رێگەی مەلاوە دەچنە ناو ژیانی هاوسەرێتیەوە و هەرئەوانەش هەندێك جار دەبنە هۆی تەلآق لێکەوتنەوە،هەروەها زۆر یێك لە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە رێژەیەکی مام ناوەند هەیە لە پیاودا ، بەلآم بەدەرەجەی یەکیش ئافرەت ئەو دڵپیسیەی هەیە ،سایە کە تەمەنی 30ساڵ بو سەبارەت بە دڵپیسی ووتی  "من لەبەرەئەوەی مێردەکەم دڵی لەمن پیسە وسیقەی بەمن نیە  " هەمیشە سەرکوتم دەکات لەماڵەوە،هەروەها ووتیشی " مێردەکەم زۆریش نامدوینی بۆیە هەندێك جار  ئەو پەنادەباتە بەر ژنی تر وو من باش دەزانم  " وە ئەوەش منی تەواو بێزار کردوە  "بۆیە من حەز بەو ناکەم وو دڵم لەو یش پیسە"  بۆیە سایە ئەوەشی ووت " منیش بە ئارەزووە خۆم حەزەکانی خۆم لە دەرەوەی ماڵی خۆمان بەتاڵ دەکەمەوە ، مینا ئەوژنەبوو کە تەمەنی 25 ساڵ بوو ئەگەر چی ژنێکی گەنج بوو بەلآم وەکو خۆی باسی کرد کە  بەزۆر دراوە بەمێردەکەی و ئێستا میچردەکەی دڵی لێی پیسە تەنانەت مراقەبەی تەلەفۆنەکانیشی دەکات و زۆرلێی دەدات ، مینا ووتی من ئێستا هەست ناکەم کەمێردم هەیە ، ئەو دڵپیسی مێردەەی بۆ ئەوە دەراندوە کە دەڵێت نابێت بچیتە دەرەوە ، نابێت بچیت بۆ بازار ...هتد، " بەهۆی ئەوەی کەزیاتر لە پەیوەندیەکی هەبوو لەگەڵ کچانی تردا بۆیە نەمتوانی درێژە بدەم بەو پەیوەندی خۆشەویستیە" ئەمە ووتەی کانی بوو  ئەو کچە 22 ساڵە بوو کە هەموو ژیانی پربوو لە ناهامەتی کانی دەڵێت" ئەوەندەم خۆشەویستەکەم خۆش دەویست هەمووکات  چاودێریم دەکرد" لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار لە قسەی  هاورێکانی خۆمەوە شتم دەبیستوە  بزانم چیەو چی ن یە زۆرجار پێیان دەووتم کە لەگەڵ کورێکی تردایە" هەربۆیە کانی لەبەر ئەوەی کە دڵی لە خۆشەویستەکەی پیسە ناچار داوای ئەوەی لێدەکات کە چیتر پەیوەندی نەمێنێت لەگەڵ ئەوخۆشەیوستیەیدا، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێك جار نەبوونی نیشت جی بوون یاخود هۆکاری ئابوری لە سەر خێزانەکە  کاروان یەکێکە لەو گەنجانەی کە تەمەنی 26 ساڵە ئەویش گرفتاری دەستی ئەو کارەساتەیەو

کاروان دەڵێت"من بەهۆی ئەوەی لایەنی ئابوریم زۆر خراپە" ، کچی ئەم سەردەمەش بەزۆرشت باوەری نیە دەبێت خانویەکی باشی هەبێت دواتر جلو بەرگێکی باش و جوان و گرانە، بۆ بکریت منیش نیمە ، کاروان وەکو خۆی باسی کرد کە ئەو دراوسێیەکیان هەبووە زۆر دەوڵەمەند بووە بۆیە ژنەکەشی حەزی بە دەوڵەمەندی کردووە بۆیە هەست بە پەیوەندی نێوان ژنەکەیو پیاوەکەی دراوسێیان دەکات، بۆیە لەو روانگەیەوەدڵپیسی روودەدات لە نێوانیاندا بەمەش کێشەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە،ناچار دەبێتەهۆی جیا بوونەوە لەنی،چان خیچزانەکەدا، هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا هێمن تەمەنی 21 ساڵە کە کورێکی ئەگەر چی خوێندنی تەواو نەکردووە بەلاَم لە خێزانێکی رۆشنبیر و رەوشتیان بەرزە بووە، هێمن لەگەڵ ئەوەی کە پەیوەندیەکی باشی هەبوو لەگەڵ چیای خۆشەویستی دا زۆر توندو تۆڵ بوو ,بەلاَم بەهۆی ئەوەی جارجارە کە تورە دەبوون هاورێیەکی هێمن دەکەوتە نێوانیانەوە و ئەویش زۆر جار ئاشتی دەکردنەوە بۆیە هێمن هەستی بەشتێك کردبوو لەو نێوەندەدا هەروەکو هێمن ووتی من هەستم کرد کە پەیوەندی زۆر باشی دروست کردوە لەگەڵ ئەو هاورێ کەم، منیش سەرەتا هەستم پێنەکر بەڵکو دواجار هەستم پێکرد کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ چیادا بەمەش هاوکار توانی چیا بەلای خۆیدا کێش بکات و داتر وایلێهات کە بچێتە داوای چیا ، ئەوکاتەی کە دەچووە داوای ئەویش زۆر دڵی پیس کرد بوو لە چیا چونکە وای دەزانی وەکو هێمن خیانەتی لێدەکات و بەردەوام چاودێری دەکرد ئەوکاتەی کە هێناشی نەیدەهێشت بچێت بازاروو شوێنەگشتیەکان ن ئەوەی کە لەدواجاردا هێمنی تەمەن 21 ساڵ پێی ووتین " ئەو زەواجەی ئەوانیش ئەوەندەی نەخایان بەڵکو لێك جیا بوونەوە بەهۆی ئەوەی کە چیا زۆر چووبو ژێر کاریگەری هاوکارەوە" بەمەش هاوکار دەیزانی رابردووی چیا چۆنە، بۆیە دواجار "هاوکار چیای تەلاَقدا بەهۆی ئەوەی کە دڵی لێی پیس بوو" ئەوین یەکێك بوو لەوانەی کە کچێکی تەمەن 22 ساڵ ئەویش ئەوەی دووپات کردەوە کە هەندێك جار پیاو زۆر دڵپیسە ، وو ووتیشی " هەندێك جار ئێمەی کچان یان ژنان بەوە دڵ پیس دەکەین چونکە لە ئێستادا زۆر متمانەمان بە مێرد نیە چوونکە ئەملاولایان زۆرە "لاراش ئەو کچە بوو کە کچێکی زۆر جوان وو ئەگەر چی رۆشنبیریش بوو بەهەمان شێوە ئەوەی کە خۆشی وویستوە هەر لەو شوێنە بووە کە خۆی لەوێبووە، بۆیە دەڵێت من کورێکم خۆش دەویست ئەوەیسش منی خۆش دەویست ، ئەوییسش هاتە داوام و توانیمان ژیانی هاوسەر پێك بهێنین بەلاَم ، لە دوای بەلاَمەکەوە زۆر بێزاری خۆی نیشانداو لارە پێی وابوو ئەو کورەی کە خۆشی ویستەوە ئەوەندە خۆش ویستوە دڵی لێپیس کردووە ، لارا وەکو ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو لەسەر داوای ئەو لە ئیشەکەی وازیهێناوە لەبەر ئەو بەلاَم دواتر بەوەوە نەوستاوە بەڵکو دڵی زۆر لێپیس کردبوو لارا دەڵێت" هەمووکات ئەوکاتانەی تەلەفۆنی بۆ بکردمایە تەلەفۆنەکەم مەشغوڵ بکردایە یەکسەر دڵی لێپیس دەکردم " دەیووت ئەوە لەگەڵ کێدا قسەت کردوو "منیش ووتم بائەوەندە نەخایەنێت بەڵکو پێش ئەوەی بم گوێزێتەوە داوای تەلاَقم لێکرد" دواتر ڤیان ئازاد شەوقی وەکو توێژەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبارەی دڵپیسی و ئەو حاڵەتەدەرونیەی کە لە کۆمەڵگادا دووچاری ئەوە هاتوون و ناتوانرێت هەندێك جار بەسەر ئەو کۆسپو تەگەرانەدا زاڵبن ،ڤیان لەسەرەتادا ئاماژەی بۆ سی ررو کر ئەویش لە رووی کۆمەڵایەتی و دەرونی و تەندروستیەوە یە، بەبۆچوونی ڤیان وەکو توێژەرەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەڵێت زیاتر پیاو تیایدا یە ئەو دڵپیسیە،لەرووی کۆمەڵایەتیەوە شیرازەی خێزان تێك دەدات ، ئەو هەندێك هۆکاری گەراندەوە بۆ ئەوەی کە درۆ کردن وو قسە و نەبوونی متمانە دەبێت هۆکارێك بۆ ئەو حاڵەتە،ڤیان ئەوە روون کردەوە کەهەندێك جار دڵپیسی بەتەنها لە نێوان ژن وپیاودا نیە بەڵکو لەنیوان خودی خێزانەکان وەکو خوشکو برا و دایك و کور ..هتد،هەروەها لە رووی دەروونیەوە ووتی زۆر جار دەبێت ە نەخۆشی و حاڵەتێکی نایاسای ، لە رووی تەندرووستیەوە وتی دەبێتە هۆی خەمۆکی و بەو هۆیەشەوە وای لێدەکات کەنەخۆش بێت وشەرئێشەیتوش بکات ، هەروەها لە کۆتایشدا ئەوە دووپات کردەوە کە چارەسەرەکەی تەنها ئەوەیە کە دەبێت گفتوگۆو دیالۆگهەبێت و و بتوانرێت تێگەیشتن هەبێت لە قسەی بەرامبەرو ، گفتوگۆی کراوە لە نێوان خێزانەکاندا هەبێت